# ژیاننامەی خاتوو کازیوە سالح

نەسرین کەرکوکی

لە سالی ١٩٨٩لە پەیمانگای مامۆستایان و پاشان لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقا دەردەکرێت، بە تۆمەتی ئەوەی لە خێزانێکی کورد پەروەرە
لە سالی ١٩٩٢ لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی دەستی بە خوێندن کرد
لە سالی ١٩٩٥ لە گۆڤاری سەرماوەزدا یەکەم بەرهەمی بلاوکراوەتەوە
لە سالی ١٩٩٦ دا یەکەم کۆری چیرۆک حوێندنەوەی لە هۆلی رۆشنبیری لە سلیمانی بۆ گیراوە
لە سالی ١٩٩٥ وە وەکو کارمەندی بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی کاری کردووە و پاشان وەکو لێپرسراوی بەشی رۆشنبیری و لەو ماوەیەدا جگە لەوەی خۆی بە دەیان کۆری رۆشنبیری وئەدەبی گرتووە، هەروەها لە گەل بەشەکەیدا بە دەیان کۆرو چالاکی بۆ روشنبیران و نوسەران سازداوە، لە هەموشیان گرنگتر سازدانی مەراسیمی ٨ مارس کە سالانە بە زەپۆشیکی تایبەت بەرێوەی دەبرد و سەرجەم ریکخراوەکانی ژنانی کۆدەکردەوە
لە سالی ١٩٩٨ یەکەم کۆمەلە چیرۆکی بەناوی ( حیکمەتەکانی بە قەرەج بوونم) ب بەچاپ گەیاند، چاپی یەکەمی لە سەر ئەرکی چاپەمەنی زاموا، چاپی دووەم لە سەر ئەرکی گۆڤاری (نڤار) چاپ کراوە
هەر لە بەهاری ١٩٩٨دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نڤاری) کە گۆڤاریکی فکری بوو بایەخی بە چەمکەکانی کۆمەلی مەدەنی و جیهانگیری دەدا، خستە بەر دەستی خوێنەران
لە سالی ١٩٩٨ دا رەشنووسی ئیسلامی سیاسی رەهەندی جیاوازی وپەراگەندەیی نووسیوە
لە مانگی (٦) ی ١٩٩٩ بۆ یەکەم جار شیعری منالای ئاوازی بۆ دانراو کرا بە کۆرانی
لە سالی ١٩٩٩ دا نامیلکەی ( هاونازوخالخالوکە) کە چیرۆکی لە منالەوە بۆ منالە لە گەل محەمەد رەحیم رەمەزاندا لە سەر ئەرکی ریکخراوی (ئیم ئەی جی) بە هەردوو زمانی کوردی ( کرمانجی، سورانی) و ئنکلیزی بە چاپ گەیەنراوە.
لە سالی ٢٠٠٠ رەشنووسی ئەنفال لە میتۆدەوە بۆ پرۆژەی نووسیوە
لە سالی ٢٠٠٠ رۆمانی ( باخچە) کە لە نووسینی ( مارگرێت دورا) یەوەرگێرایە سەر زمانی کوردی و بە چاپی گەیاند، ئەم رۆمانە لە چاپ کراوەکانی گۆڤاری نڤارە
لە ئاداری سالی ٢٠٠٠ دا بە هۆی لێکۆلینەوەیەک بە ناوی ( ریشەی دەسەلات لە قورئاندا) کە لە گۆڤارەکەیدا بلاوی کردەوە، لە لایەن یەکێتی زانایانی ئیسلامی و کۆمەلە ئیسلامیەکانەوە سکالای لە سەر تۆمار کراو، گۆڤارەکە لە لایەن ئاسایشی سلێمانیەوە لە بازاردا کۆکریەوەو بریاری راگرتنی دراو هەر هەمان رۆژمۆلەتەکەی لی وەرگیرایەوە
لە ٢٥ ئاداری ٢٠٠٠ بە مادەی ٢٠٠ برگەی ٢ بە یاسای سزادانی عێراقی سالی ١٩٦٩، راپێچی دادگا کراو، ئەو مادەیە لە هەموو یاسا و پرەنسیپەکانی رۆژنامەوانیەوە دوورە
. لە هاوینی سالی ٢٠٠٠ یەکەم ژمارەی گۆڤاری ( نوێکار) کە گۆڤاریکی فکری بوو، بایەخی بە ئاراستەی عەقلانی و چەمکی عەلمانی دەدا گەیاندە حوێنەرانی
لە سالی ٢٠٠١ دا یەکەم کچە کوردبوو لە میسرەوە بانگهێشت کراو سەردانی ئەو وولاتەی کرد
لە ٢٠٠١/٤/٣ دا کولیجی راگەیاندنی زانکوی سلیمانی دابراو کوردستانی بە جێهێشت و رووی لە وولاتی سوریا کرد. . . . ماوەی ( ١٦) مانگ لە نیشتمانی عەرەبیدا مایەوەولەو ماوەیەدا هەگبەی غەمی ئەنفال

و هەڵەبجەو ڕاکواستنی کەرکوکی دا بە کۆلیداو کەیاندی بە سەرجەم ڕیکخراوە مرۆییەکان و سەرجەم ڕەمزە عەرەبیە گەورەکان.

لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ یەکەم جار نەخشەی پەیکەرێکی پر واتای زێری کێشا، کە پێک هاتبوو لە تۆپی زەوی، بەواتای ئەوەی ئێمەش مافی نیشتمانمان هەیە لەسەر زەوی، دوو دەستی یەکگرتوو، واتە با هەموو وەکو دۆست بژین نەک دوژمن، شریتێکی سەوز بە زمانی عەرەبی لە سەری نووسراوە (كي لا ننسى كردستان) واتە کورد یەکەم نەتەوە بوو کشتوکالی دۆزیوە با ئەو نەتەوەیە لە بیر نەکەین. . . . ئەمەی پێشکەش بەگەورە سیاسیەکانی عەرەب دەکرد لە سەردانەکانیدا

هەر لە ساڵی ٢٠٠١ -٢٠٠٢ یەکەم کەس بوو کە هەوڵی ئەوەی دا هونەرو مرۆڤی کورد لە میهرەجانەکانی میسردا جێگەی ببێتەوە، داوای لە چەندین کەسایەتی کرد سەردانی کوردستان بکەن. . بەلام ئەم هەوڵەی لە لا یەن لایەنە کوردیەکانەوە لە بار برا

لە ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ نووسینی ڕەشنووسی نامەکان بەر لە مردن ناحوێندرێنەوە ( کۆمەلە چیروک) .

لە ساڵی ٢٠٠١ بوو بە ئەندامیکی چالاکی مافی مرۆڤ لە نیشتمانی عەرەبیدا

لە ١٩/ ٩ ٢٠٠١ بەشداری کۆنگرەی ژنانی عەرەبی پێشکەوتوحوازی کرد لە شاری قاهیرەی وولاتی میسر.

لە ساڵی ٢٠٠١دا خەڵاتی یەکەمی فێستڤاڵی ( ئامیتا) ی پێ بەخشرا کە لەئیتالیا سازدەکریت، بە چیرۆکی ( کئ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد) .

لە ساڵی ٢٠٠٢خەڵاتی ڕێزلینانی دووەمین فیستڤاڵی ( ئامیتا) ی وەرگرت بە چیرۆکی ( ژنێک لە پێکی ڕابردوودا) .

لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپ کردنی کتێبی ( ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا) لە سەر ئەرکی دەزگای چاپ و پەخشی سەر دم

لە ئاداری ٢٠٠٢ یەکەم کوردبوو لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی کە لە لوبنان بەسترا بەشداری کرد

لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپ کردنی کۆمەلە چیرۆکی ( قتله التلج) بە زمانی عەرەبی

لە مانگی ٩ ی ٢٠٠٢ وەوە لە وولاتی کەنەدا نیشتەجێبووە و سەرقاڵی خوێندن و نووسینە بۆ ڕۆژنامە عەرەبیەکانی ئەوێ.

تێبینی : خوازیارم توانبیتم مافی ئەم خاتوونە بدە م لە نووسنی کورتەیەک لە ژیاننامەو کارو بەرهەمەکانی. . . ئەگەر کەم و کوریکیش هەبێت داوای لێبوردن لە هەموو لایەک دەکەم

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت